# نەفرەت
# لەو ساتانە دەکەم



ئارام یاسین

# نەفرەت لەو ساتانە دەکەم ...

ئارام  یاسین

2010

ناوی کتێب: نەفرەت لەو ساتانە دەکەم ...

بابەت: شیعر

نووسەر: ئارام یاسین

دەرهێنانی هونەری و بەرگ: ئارام یاسین

تایپ:

چاپخانە: ............................

چاپی یەکەم–

لەکتێبخانەی ....... ژمارەی سپاردنی(     ) ساڵی(       ) دراوەتی

**پێشکەشە بەو کەسەی کەوا هەموو ساتێ لە یادما**

# ماچ

له چاوانی سەوزی تۆدا
ئاسمانی شین بەدی دەکەم
پڕ له کۆتری باڵ سپی
له شەقەی باڵیان دەدەن
ئەی ئەزیزم خەم ڕەوێنم
ئەی پڕشنگی ئاسۆی ژینم
ئاسمانی شینی چاوانت
نەخش و نیگاری خواییە
بۆ دڵی شاعیریش گیانە
کۆتر سمبولی ئاشتیە
ئەی باوانم سۆمای چاوم
ئەی ڕووباری هەست و سۆزم
هەر تۆ چرۆ و گەڵای سەوزی

درەختی تەمەنی منی

هەر تۆ مێرگ و هەر تۆ کانی

سەر ڕێگای قافلەی منی

هەر تۆ ناڵەی نای و عودی

شەوانی تەنیای منی

تۆ ئەستێرەی گەلاوێژی

عشقی پاکی دڵی منی

دەوەرە لام با پێکەوە

دەست لەملانی یەکتر بکەین

لە ژێر چەتری عشق و ئەوین

لە ئێوارە تا بەیانی

ماچ بارانی یەکتر بکەین

دهۆك 2005-2-20

# دڵم تەنگە

دڵم تەنگە ... دڵم تەنگە
یاری جوانم نە لە تەکمە
دڵم تەنگە ... دڵم تەنگە
ڕۆژی ڕوونم شەوەزەنگە

ئەو کۆچەی تۆ هێندە مەزنە
دڵ ناتوانی بگری بەرگە
بۆ بینینی گۆنەی ئاڵت
روحم چەشنی وێڵگەردیکە

ئەو دورییەت دەمسووتێنێ
خۆشی ژینم لێ دەسێنێ
خونچە گوڵی سووری لاویم
بەم دەردەوە دەوەرێنێ

دهۆك 2005-2-23

# زام

لەم ڕۆژگارە نەگریسە دا
بۆنی فیراق و
گەردەلوولی نامۆی وا
هەڵی کرد و
قەڵاو شوورەمی خاپوور کرد
ئەی خەڵکینە..
وەرنە هانام
چ هەیە تاڵتر لە فیراق؟
لە دەڤەری غەریبیان
تەنیا خەم هاوڕێ و دۆستمە
دەست لە ملانمە
لەجێ ی خواردن و خەومە
دەسا ئەی خەم
دەوەرە لام
وەك ئاومارك

به نێو جۆگەی زامەکانم
دا تێپەڕە
خۆت تێکەڵ کە
بە ئاوی زەریایەکاندا
بەر لەوەی کە لێت بپرسن
بڵێ پێیان
من غەریبم, لە لای ئێوە
لە پێدەشتی گۆشت و خوێنی
شاعیرێکی دڵشکاودا
چۆڕایمەوە
هاتوومەتە لای ئێوە وە

دهۆك 2005-2-28

## تەمەنی من

تەمەنی من
ڕۆمانێکی تراژیدیە
هەزاران پەڕ لە باوەشی خۆی گرتووە
هەر پەڕێکی...
هەر ڕستەکی...
هەر ووشەکی...
هەر پیتێکی...
بە خوێنی منی ڕەنجەڕۆ
ن
و
س
ر
ا
و
ە

دهۆك 2005-3-1

# جەژن

سبەی جەژنە
ئەمڕۆ لە کێوی عەرەفات
پێکەوە لەگەڵ فریشتان
بۆ خۆ شووشتن لە گوناحان
نوێژی تەوبە دادەبەستم
بۆ قوومێك ئاو
بۆ ژیانەوە
لە جیاتی هاجەرە خان
هەزاران جار دێم و دەچم
لە نێوان سەفاو مەڕوادا
لە پێناوی
بەدی هێنانی خەونێکی سەڕابیشدا
ئامادەم و ڕاوەستاوم
سەدان شیعرم
وەکو حەزرەتی سمایل

بدەم لە عارد

لە ژێر ڕەحمەتی چەقۆدا

بەڵکو ئەمە خوایە و سبەی

دڵت بۆ من نەرم بێت و

بێتەوە لام

سەر لەسەر سینەم دابنێی

بە بێ دەنگی

جەژنە پیرۆزەم لێ بکەیت

2005-3-3 هەولێر

# شيعر

زۆر دەمێکە
شەوانە کە خۆم تەنیامە
شیعر بارانی تۆ دەکەم
شیعرەکانم
بەهارن بۆ وەرزی خەزان
پلو و بڵسەی ئاگرن
بۆ ئاتاشگەی زەردەشتیان
بۆنی نێرگز و رەیحانە
بۆ جێ ژوانی ئەوینداران
بۆ تۆش گیانە
تەرو نەرمن
چەشنی ماچی هەرزەکاران

2005-3-5 دهۆك

# مانگ

ئەی مانگ

ئەمشەو من مێوانی تۆمە

هاودەرد و هاوخەمی تۆمە

تۆ دوێنێکە لە چواردە بووی

ئەمڕۆ ڕوو زەرد

ڕوو لە کزی

منیش هەست بە دەردت دەکەم

هەست بە ئازاری تۆ دەکەم

دەزانم تۆ چەند غەمگینی

بیر لە جوانی دوێنێت دەکەی

ئەی هاوڕێی من

بۆ خەم دەخۆی؟!

تۆ نازانیت؟!

سووری ژیانی تۆ وایە

لە چواردە دەست پێ دەکەیت و

بەرەو چواردە هەنگاو دەنێت

بەڵام تۆ چی بەمن دەڵێت ؟!!

من مانگێکم هەبوو وەك تۆ

هەموو کاتێ لە چواردە بوو

کە چی ڕۆژێ

سەیرم دەکرد

هێدی هێدی

ڕوو زەرد و کز هەڵدەگەڕا

تا وای لێهات

بۆ دیواین جار

لە پێش چاوی منا نەما

دهۆك 2005-3-6

# پەشیمانی

ئێستا هاتوویت
چەشنی هەورێکی لاساری
لە پێش منا
بەگوڕ ئەشك لە چاوانت
دەبارینی
هاتوویتە لام
دان بە تاوان
گومڕابوونی دوێنێت بنێیت؟
لە نێو دەریای بێ زەییتا
خۆت لە گوناح
دەشۆیتەوە؟
تازە پاش چی!!
پاش سووتانی عشق و ئەوین
پاش دابڕان

ڕاموسان لەگەڵ یەکی دی !

ئێستا هاتوویت

ئێستا بڕۆ

من ئەو کەسە نیم کە دوێنێ

خۆشمویستی

لە نیوە شەو تا بەیانی

لە دووریتا

فرمێسکم لە چاوانم دا

بۆ دەڕێژتی

2005-3-10 دهۆك

# سەفەر

من دەمەوێت سەفەر بکەم

زۆر حەز دەکەم

بەر لە مردن سەفەرێ کەم

نە زۆر درێژ

نە زۆر کورت بێ

گەرەکمە لەم سەفەرە

چڕترین دارستان و

جوانترین دەریا بینم

تا لەکاتی گەڕانەوەم

دۆکیومێنتێکی یەقینم

لە لام هەبێ

لەگەڵ خۆما بیهێنمەوە

تا ئەو گومانە نەهێڵم

لە لای خەڵکی

پێیان بلێم

نە چڕترین دارستانی ئەم دنیایە

نەجوانترین

دەریا لە نێو دەریاکانە

ناگا بەقەد

جوانی برژانگ و چاوانی

ئەو شۆخە جوانەیەی

کە وێنەی ئەو

وا لە نێو دڵی مندایە

هەولێر 2005-3-11

# تەمەن

تەمەن دێت و تەمەن دەڕوا
یا هەر نێت و یا هەر نەڕوا
من تەنیا تۆم لەتەکا بێ
گوێ نادەمێ
لە کوێ دێت و بۆ کوێ دەڕوا

2005-3-14 دهۆك

# مێوان

ئەمڕۆ خەڵکی پەشۆکاون

دەمیان تووێنوو

سکیان برسی

سەیری ئاسمان و مانگ دەکەن

تابزانن

سبەی جەژنە

یان هەر مانگی رەمەزانە

ئەو خەڵکانە چەند نەزانن

نەخێر ئەوانە نەزان نین!

بەڵکو ئەمڕۆ

یاساو ڕێساکانی فەلەك

تێکشکاون

دەی نابینی

ئەو مانگەی ئەوان چاوەڕێن

بۆیان هەڵێ

مژدەی بەیانی جەژنیان

بۆ بهێنێ

مێوانێکە ئەمڕۆ لە لام

سۆز و پەیامی

دەست لە ملان و

دانەبرانی بۆ هێناوم

2005-3-15 دهۆك

# هەڵەبجە

( 1 )

ئەمڕۆ ڕۆژی

هاتنی وەرزی خەزانە

خەزانێك لە وەرزی بەهار

بەهارێ

لە ژێر باڵی کلۆڵە بەفرە سپیە

ژەهراویەکان

ئەم بەفرەیە

دروست کراوی خودا نەبوو

لە ژێر ئاسمانی ڕەحمەتی ئەودا نەبوو

ئەو هەورە بەفر هەڵگرە خنکێنەرە

ئاشنا نەبوو

بە ئاو خاکی ئێرانە

لە دەڤەری پاراستنی ماڤی مرۆڤ

له ئەوروپای کەڕ و لاڵ

له کوندڕی کۆشکی ڕەشی بۆش و ڕێگن

قەتیسیان کرد له کەپسووله

به دیاری ناردیانه ئێره

له ژێر باڵی ڕەشی بەعسا

تەقێنرا بەسەر هەڵەبجه

(2)

**لەو ساتەوە تاكو ئێستا**

**زانایانی ئاینی ئیسلام**

**لە ئەزهەر و مەكەی پیرۆز**

**بە پاپای فاتیكانەوە**

**بە مالم و قەشەو مەلا**

**من نازانم**

**ئەمانە كوێر بوون یان كوێر كران**

**نوقە چیە**

**لە دەمیانەوە دەرنەهات**

(3)

ئەی خوایە گیان
لێم مەگرە و من ئەمر ناکەم
داوا دەکەم
لەقاپی مەرحەمەتی تۆ
هەتا زووە
پەیامەکانی ئاینی خۆت
لەم زەمینە بۆگەنەدا
بکێشەوە, بەرەو ئاسمان
تاکو ئێستا کەسێ نیە
یەك ئایەتێ
لە و سەدو هەشتاو دوو هەزار ئایەتانەی
لە سوورەتی ئەنفالەکان
ئەنفالەکانی بادینان و گەرمیان
بخوێنتەوە

تاكو ئێستا کەسێ نیە

یەك ئایەتێ

لەو هەشت هەزار ئایەتانەی

لە سوورەتی بارزانیەکان

بخوێنتەوە

تاكو ئێستا کەسێ نیە

یەك ئایەتێ

لەو پێنج هەزار ئایەتانەی

لە سوورەتی هەڵەبجەدا

بخوێنتەوە

ئەی کەوایە

ئەی خوایە گیان

تەمای چیت ماوە لەمانە؟!

ئایەتێك لە تەورات و ئینجیل و قورئان

بخوێننەوە!!

دهۆك 2005-3-16

# تۆ

تۆ لە دڵمی

تۆ لە ڕوحمی

تۆ لە خوێنمی

خۆشەویستی لە نێو دڵم

هەڵدەگری

روح و جەستەم پێ ئاو دەدەی

تۆ گلێنەی چاوانمی

دنیا تاریک یان ڕۆشەن بێ

من تۆم نەبێ واهەست دەکەم

ئەم دنیایە شەوەزەنگە

بوونەوەر مات و مردووە

کەسێ نیە

پەی پێ ببەم کە زیندووە

هەولێر 2005-4-3

# لێم زویر مەبە

لێم زویر مەبە
کاتێ هەنگاو دەنێم بۆ لات
هەزاران دێرە شیعری جوان
لەگەڵ دڵم
دەیجنمەوە
دەیخەملێنم لەگەڵ ڕوحم
دەیکەم بە پۆشاکی باڵات
ئەی باوانم
هەراسان مەبە لێم, کاتێ
بەدواتام وەك سێبەرێ
خۆ تەنیا من, شێتی تۆ نیم
سروشت بە هەموو جوانی خۆی
شێتی تۆیە
سەر هەڵبڕە...دەسەیرکە

**بنواره چۆن**

**درەختەکان**

**خۆیان بۆت گەڵا پۆش دەکەن**

**لە بەردەم دەرگای سەراوە**

**تا شەقامی سەهۆڵەکە**

**دەست لە ملانی یەکتر دەکەن**

**ئامادەن و ڕاوەستاون**

**سێبەریان بۆ تۆ ڕادەخەن**

2005-4-14 سلێمانی

# یاد

ئەمرۆ بیری ئێوە دەکەم

بیرتان دەکەم

لە دووریتان

قژو ڕیشم سپی بووە و

هەنگاوی گوێرانە داوێم

جەستەی بێ هێز و لەرزۆکم

خۆی ناگرێ

لەبەردەم خەمی دنیا دا

ئێوە لە کوێن؟... ئەی ئازیزان

دەوەرنە لام

لە ژێر تەپووتۆزی زەمەن

دە ڕووناکی بهێننەوە

**بۆ چاوانم**

**ئێوە لە کوێن؟**

**گوێم لە سەدای دەنگتان نابێ**

**دەوەرنەوە...ئەم جارەیان**

**لە شوێن خەم و ئێشی فیراق**

**تێر هەڵمژم هەناسەتان**

2005-4-16 سلێمانی

# گرەو

من گرەوم کرد لەگەڵ خۆم

چیتر ناوی تۆ نەهێنم

نەوەك دەزگای هەواڵگری

پیرێژنەکانی کۆڵانمان

بزانن کە

خۆشمدەوێ خۆشەویستم

ئێ گیانەکەم

دەم هی خۆمە و توند دەیگرم

بەڵام من چی

لەخامەکەی دەستی خۆم کەم

کاتێ کەبیری تۆ دەکەم

یان وێنەی تۆم بۆ دەکێشێ

یان پارچە شیعرێکی جوان

بۆ چاوانی تۆ دەنووسێ

هەولێر 2005-9-8

# بانگدان

ئێستانێکە گەرەکمە
پڕ بە دەنگی خۆم بانگ بدەم
کوڕەی زەوی بهەژێنم
بەسە تاکەی
لە دووریتا بناڵێنم
لە نێو ئاگر و دۆزەخی
ئەم عشقەیە
بۆت بسووتێم
گرنگ نیە...من بانگ دەدەم
با هەموو خەڵکیش بزانن
یەکێك هەیە خۆشمدەوێ
زیاتر لە خۆم

هەولێر 2005-11-8

# نەفرەت لەو ساتانە دەکەم

لەیادتە بۆ یەکەم جار
کە پێم ووتی خۆشمدەوێت
دنیا دەوارێکی ڕەشە
تۆی تیا نەبێ
ئەو ساتانەم لا پیرۆزە
لە لای من بی
تۆ لێم مەگرە
گیانە هێندە
دەردی نامۆیم چەشتووە
ئێستانەکەش
نەفرەت لە ساتانە دەکەم
تۆ تیا خۆش نەویستووە

هەولێر 2005-11-26

# بت

کچێکم دی شەبال و شەنگ
لە تاشەبەرد
داتاشرابوو
لێ ی چوومە پێش... لێم ڕووانی
بەردی چی.. ی!!
کچێك بوو وێنەی ئەو نەبوو
سەیر بوو لام
دڵی ئەو کچە بەردینە
نەرمتر بوو
لە دڵی کچانی ئێرە

....... 2005-..-..

# هەڵوەرین

زۆر لە مێژە
بەحەسرەتی هەڵاتنی
ئاسۆی بەختی ڕەشی خۆمم
بێ تۆیی وا پیری کردووم
تەمەن هیچی وەبەرنەما
ئێوارەیە
واخەریکە هەڵدەوەرێم

هەولێر 2005-11-26

# مرواری

له گلێنەی چاوەکانت
تابلۆیەکی ڕەش دەبینم
تابلۆیەکە
پڕ له یاقووت و مرواری
بۆیه دایم من حەز دەکەم
چاوم بنێم بەچاوی تۆ و
بیان ژمێرم

2005-12-3 هەولێر

# لێت نزیکم

لێت نزیکم
لێم نزیکی
بەڵام هەرگیز تۆ نابینم
لێم ببوورە
کە نامەوێ بشتبینم
گرنگ نیە
باکم نیە
هەر ئێستاکە دەتوانم
ئەم قەفەسە
دەندە دەندە بۆت بشکێنم
وەك دڵی خۆم دەرت بێنم
بەڵام گیانە زۆر دەترسم
من بمرم
بەر لەوەی کە تۆ ببینم

هەولێر 2006-11-8

# عزرائيل

عزرائيل كێیه نایناسم؟
لەوەتەی من لە ژیانام
بە خزمەت و حوزوری جەنابیان
نەگەیشتووم
نە بەرێزیان لووتفی میهریان
هێناوەتە بەر دەرگای من
بۆیە من حەز دەکەم جارێ
چاوم بە سیمایان کەوێ
جونکە لەو رۆژە دەترسم
کەوا لە ئاوزینگانا بم*
چاوم بە دواین کەس کەوێ
هەمان شکل و
هەمان بچمی
فیرعەونە خوێن مژەکانی
ئەم وولاتە
چارە ڕەشەی منایان هەبێ

هەولێر 2006-2-27

* ئاوزینگان: کاتی مردنی مرۆڤ

# نیگەران مەبە

نیگەران مەبە و بنوارە
سروشت چەند قەشەنگ و جوانە
ئەم تەمەنە گەلێك كورتە
تێرای خۆشیەكانی ناكا
لووتكە نیە
بتۆرێتن لە بنار
دەریا نیە
شەپۆل ناوێ بۆ كەنار
كوێستان نیە
بتەزیتن لە زریان
میهری خودا گەورەترە
مرۆڤەكان دابماڵێت لە سۆزی خۆی
ژیان چركە بە چركە هەر تێدەپەڕێ

**بەسستی و بیٚ هیوای تۆ قەد پیٚ ی ناگەی**

**هەنگاو باویٚ, مەترسە وەك شیٚران بە**

**پشت لە نشیٚو, ڕووی خۆت لە هەوراز كە**

**سەربەست بژی, هەر سەربەزی شای ژیانە**

**نەفرەت بكە لە ژیٚر دەستی, مەردبە گیانە**

هەولیٚر 2006-3-4

# یادەکان

ئەو کاتانە دڵم تەنگە

دنیای پان و بەرین گیانە

لە پێش چاوما

دەچێت بە کونە دەرزیدا

شتێك نیە پەی پێ ببەم

بڕەوێنی نیگەرانیم

کەچی کاتێ

لە پڕیکا یادەکانمان

چەشنی هەوری باراناوی

دەگرمێنێ

هەرچی خەم و

ئێش و ژانە

وەکو گەڵای زەردی پاییز

لە نێو دڵما دەوەرێنێ

../../..

# باڵندە

زۆردەمێکە خۆشەویستم
بە تۆ ناڵێم
لە ئاسمانی نێو دڵما
گیانە تەنیا تۆ باڵداری
جونکە گوڵم, زۆر دەترسم
وەزارەتی تەندروستی
بەمەیانە بزانێت و
ڕاوت بکا بە بیانووی
ئەنفلۆنزاکەی باڵندە

هەولێر 2006-4-29

# وەڵام

تەمەنێکە بە حەسرەتم
بۆ گەیشتن بە وەلاّمیّ
ئەگەر چی لە نیگاتا
ڕازەکانت یەکە یەکە
دەخوێنمەوە
بەلاّم حەز دەکەم  لە دەمتا
گوێم لە چرپەی ڕازەکانی
دڵی تۆ بیّ
تەمەنێکم وا بەڕیّ کرد
دە تەمەنی تریش بڕوا
بەر لەمن مەحاڵە گیانە
یەزدان بکاتن بە وەلاّم

هەولێر 2006-6-21

## دەستوور

ڕێگەنادەم سەفەر بکەی
بارو و بارگەی خۆت تێك بنێی
ڕووە و مەملەکەتێکیتر
هەنگاو بنێیت
بەڵی گیانە
نابێ, ناشێ
ئەوە دەستووری خودایە
نابێ بشکێت
چۆن ئەبێتن!
ژیانی من لە دەڤەرێ کۆتایی بێ
مەنزڵەکەم
لەتەك مەنزڵی تۆ نەبێ

هەولێر 2006-6-23

# ناوەرۆك

ماچ..................................................5
دڵم تەنگە.. ...........................................7
زام...................................................8
تەمەنی من ...........................................10
جەژن.................................................11
شیعر.................................................13
مانگ ...............................................14
پەشیمانی.............................................16
سەفەر ...............................................18
تەمەن................................................20
مێوان.................................................21
هەڵە بجە.............................................23
تۆ....................................................28
لێم زویر مەبە.........................................29
یاد...................................................31
گرەو.................................................33
بانگ دان.............................................34
نەفرەت لەو ساتەکانە دەکەم ...........................35

بت.....................................................36
هەڵوەرین.................................................37
مرواری....................................................38
لێت نزیکم ...............................................39
عزرائیل ...................................................40
نیگەران مەبە.............................................41
یادەکان....................................................43
باڵندە.......................................................44
وەڵام .......................................................45
دەستور ....................................................46

## ئارام یاسین

- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردیە.
- هەڵگری بڕوانامەی بکالریوسە لە زانستی کۆمپیوتەر، کۆلێژی زانست، بەشی زانستی کۆمپیوتەر، زانکۆی دهۆك، ساڵی 2005.
- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵایە لە " Public Policy and Management " لە زانکۆی KDI لە وولاتی کۆریای باشوور، ساڵی 2007.
- لە ساڵی 1999 وە شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکان بڵاودەکاتەوە.
- Email : aram_yaseen@yahoo.com

## بڵاوكراوەكانی شاعیر

1. ئەشكەكانم بوون بە گڕلووك, شیعر, دهۆك 1999 – 2004
2. سەمفۆنیای مردن, چامە شیعر, دهۆك, 2004
3. نەفرەت لەو ساتانە دەكەم, شیعر, هەولێر 2005 – 2006
4. سارانگهێیۆ, شیعر, كۆریای باشوور 2006 – 2007
5. گەشتێك بۆ نیشتیمانی كۆری, كتاب , كۆریای باشوور , 2007
6. شاعیرە ناودارەكانی كۆریا, كتاب ,كۆریای باشوور 2007
7. لە پەنجەرەی ژوورەكەما, 2009